کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەورووپا 20:14 30-12-2006

## گوتەبێژێک بە ناوی مەکتەبی سیاسی حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان:

لەسێدارەدانی سەدام سەرکەوتنێکی گەورە بوو بۆ گەلی کوردستان و گەلانی عێراق.

دوای ماوەیەك لە دەرچوونی بڕیاری دادگا بۆ لەسێدارەدانی دیکتاتۆری ئێراق، کاتژمێر 6ی سەر لەبەیانی رۆژی 2006/12/30 کە هاوکات بوو لەگەڵ یەکەمین رۆژی جەژنی قوربان، دیکتاتۆر سەدام حوسێن لە لایەن حکومەتی عێراقەوە لە سێدارە دراو بە سزای تاوانەکانی گەیشت.

حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان لە کاتێکدا خۆشحالّی خۆی بە لەسێدارەدانی ئەو تاوانبارە خوێنرێژە دەردەبڕێت، لە هەمان کاتدا پیرۆزبایی لە گەلی کوردستان و گەلانی عێراق و سەرجەم کەس و کاری شەهیدان و ئەنفال و کیمیاباران و بارزانیەکان و هەموو ئەو کەسانەی کە لەماوەی دەسەلآتی ئەو دیکتاتۆرە بە نارەوا بوونە قوربانی، دەکات.

حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان لەگەڵ دەربڕینی خۆشحالّی خۆی بە لەسێدارەدانی ئەم دیکتاتۆرە، زۆر بە داخەوەیە کە نەتوانرا دۆسیەی ئەنفالکردنی 182 هەزار کەس لە رۆلّەکانی گەلەکەمان وەك تاوانێك بە رەسمی لە لایەن دادگاوە لەتەك دۆسیەی دوجەیل بخرێتە پاڵ ئەم لە سێدارەدانە، بۆ ئەوەی گەلی کوردستان و ئەنفالکراوەکانیش بەم هەنگاوە لە رووی سیاسی و یاسایی و ماددی و مەعنەوییەوە قەرەبووی ئەم کارەساتەیان بۆ بکرێتەوە. بۆ یە هەر لێرەدا حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان داوادەکات دوای لەسێدارەدانی سەدامیش ئەم تاوانانەی دەرهەق بە گەلەکەمان کراوە، کە دەچنە چوارچێوەی جینۆسایدەوە لە لایەن دادگاوە تەوسیق بکرێن و بەرەسمی دانیان پێدا بنرێ.

حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان ئومێد دەکا لە سێدارەدانی دیکتاتۆری عێراق دەرسێك بی بۆ هەموو ئەو دیکتاتۆرانەی کە ئێستا بە شێوەی سەدام مامەڵە لەگەڵ میللەتەکانی خۆیان دەکەن، یان لە داهاتوو دا دەیانەوإ بەم شێوەیە رەفتار بکەن.

گوتەبێژێك بە ناوی مەکتەبی سیاسی حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان. 2006/12/30